# ئێمە تەنها یەکجار دەژین!

ئەرێ تۆ جارێک بەلای باخچەی زارۆکاندا تێنەپەڕیویت و ڕۆژانی منداڵی خۆتت کەوتبێتەوە یاد.

ئاواتت خواستبێت، کە جارێکی دیکە بگەڕایتایەتەوە سەردەمی منداڵی؟!

ئەو سەردەمەی خالییە لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی!

منداڵ لەو تەمەنەیدا، تەنها خەمی ئەوەیەتی چ خواردنێکی خۆش بۆ نانی نیوەڕۆ، یان ئێوارە بخوات!

ئەو سەردەمەی، کە پڕە لە خەون بینین بە گەورەبوونەوە و خەون بینین بەوەی کە خۆشت مێرد و منداڵت هەبێت!

ئیدی هەروایە و هەرواش بووە، کە زۆرینە ڕازینین، یان ڕازینابن بەو سەردەمەی، کە تێیدا دەژین!

کاتێک، کە زۆر منداڵ بووم، هەردەم خەونم بەوەوە دەدیت، بچمە فێرگە و جانتایەکی کتێبم هەبێت!

بەڵام کاتێک، گەیشتمە پۆلی پێنج، بەتەواوی لە فێرگە و خوێندن، جاڕسبووم! ئیدی خەونم بەوەوە دەبینی، کە زوو گەورەبم و خۆم بڕیار بۆ ژیانی خۆم بدەم.

ئێستا لە پۆلی هەشتم، هەرجارێک بە بەردەم باخچەی زارۆکاندا تێدەپەڕم، هەست بە پەشیمانی دەکەم، چونکە ئێستا ناتوانم ئەو ژیانە منداڵانە پڕ لە ئاسودەییەی جاران بژیم!

لەخۆم دەپرسم «بۆچی من ئەو سەردەمە وەک خۆم نەژیام؟!»

"بۆچی ئەوکاتانە هەردەم خەونم بە سەردەمێکی دیکەوە دەبینی و ساتەکانی ئەوکاتەی ژیانم فەرامۆش دەکرد؟!"

ئێمە بەگشت سەردەمەکانی ژیانماندا تێدەپەڕین، جا پێویستە هەر سەردەمە و بۆ خۆی بژین.

لە ئێستادا بژین، نەک لە سەردەمێکی دیکەدا. بەڵام لەوەدەچێت، کە مرۆڤ هەرگیز بەو سەردەمانە ڕازی نییە، کە تێیدا دەژی !

من نازانم بۆ وایە!

بەڵام بیرت هەبێت! هەرچۆنێک بێت، خۆت منداڵ بیت، منداڵت هەبێت، خوێندکار بیت، یان کار بکەیت، بۆ ئەو سەردەمەی خۆت بژی. بۆ ئێستا بژی. چونکە دوایی پەشیمان دەبیتەوە و ئاوات دەخوازیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو سەردەمەی، کە وەک خۆی تێیدا نەژیاویت!

لە گشت ڕۆژەکان و لە گشت سەردەمەکاندا وەک خۆیان تێیاندا بژی، جا چ یەکەم ڕۆژی چوونە فێرگە بێت، یان ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونی چل ساڵیت بێت!

تۆ تەنها یەک چانس و دەرفەت و یەک ژیانت هەیە. لەکیس خۆتی مەدە!

- ئەم (کچە) تەمەنی 16 ساڵانە و نازناوێکی بۆ خۆی ناوە بەکوردی دەبێتە (ئەژی)

ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن. ( ٢٠١٢/٣/٢٢ ) ئۆسلۆ ، نەرویج.